# کین لۆج Ken Loach دەرهێنەری سۆسیالیستی بەریتانی خەڵاتی کانس دەباتەوە

**ئازاد ئارمان**
azadarman@hotmail.com



کین لۆج دەرهێنەری سینەمایی بەریتانی لە فیستیڤالی ئەم ساڵ2006 لە فەرەنسا، خەلاتی دەورەی پەنجاو نۆیەمینی کانس دەباتەوە. لە سەر تازەترین فلیمی لە ژێر ناوی "The Wind That Shakes the Barley" کە باس لە کێشەی گەلی ئیرلەندە دەکات بۆ سەربەخۆیی لە دژی داگیرکاری ئیمپریالیزمی بەریتانیا لە سەرەتای سەدەی بیستەم. کە چۆن سوپای بەریتانیا بەربەریانە سەرکوتی گەلی ئیرلەندە دەکەن، هەروەها باس لەوە دەکات کە چۆن ئیرلەندییەکان دەجەنگێن لە دژی دەولەتی بەریتانیا لە پێناوی ئازادی دا.

کین لۆچ مێژووی کاری هونەری سینەمایی دەگەڕێتەوە بۆسەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەم. خاوەنی دەیان کاری هونەری بەنرخ و پڕبەهای سینەمایی و تەلەفزیۆنی یە. لەوانە "Land and Freedom" کە بەناوبانگترین بەرهەمی (کین لۆچ) دەژمێردرێت. کە باس لە شۆرش و شەڕی ناوخۆ دەکات لە ساڵی 1936 لە ئیسپانیا، بەتایبەتیش دەورو نەخشی تێکدەرانەی سیاسەتی ستالینی پارتی کۆمۆنیست ئیسپانیا، هەروەها دەورو نەخشی شۆڕشگێرانەی پارتی کرێکارانی مارکسیست و پرۆسەی بنیاتنانی شوراکان لە هەرێمی بەرشلۆنە. من خۆم وەکو بینەرێک ئەم فلیمە بە خۆشترین و بە ئەزمونێکی بە نرخی دەزانم دوای فلیمی نووسەرو ڕۆژنامەنووسی سۆسیالیست جۆن رید "ئەو دە ڕۆژەی جیهانی لەرزاند" کە بە گشتی باسی شۆڕشی رووسیا، بە دیاریکراویش دەوری شۆرشگێرانەی بەڵشەفیەکا ن دەکات.

کین تەواوی بەرهەمەکانی لە خزمەت و بەرژەوەندی کرێکاران و چەوساوەکان دا بووە، ڕەنگدانەوەی ژیانی ریالیستیکی ئەم چینە نیشان دەدات لە خەبات و تێکۆشانیان لە دژی زولم و ستەمی چینە چەوسێنەرەکان. زۆربەی بەرهەمەکانی ئەم مەیدانانەی گرتۆتە خۆ: مەسەلە و کێشە کۆمەڵایەتی یەکانی کە ڕۆژانە کرێکاران و توێژە ستەملێکراوەکان بەدەستی یەوە دەناڵێنن، مەسەلە کرێکاری یەکان کە راستەوخۆ باس لە کێشەکانی چینی کرێکار دەکات لە هەموو مەیدانەکان و نەبەردەکانی کە ئەم چینە لە پێناویدا دەجەنگێن لە دژی سیستەمی سەرمایەداری. هەروەها کارکردنی کین لە سەر ئەزموونە مێژووی یەکان کە لە چەندین فلیمی دا رەنگی داوەتەوە بەتایبەتیش لە فلیمە تازەکەی دا.

باس و هەلسەنگاندن لە سەر کارو بەرهەمەکانی کین لۆج پێویستی بە لێکۆلینەوەیەکی درێژو بەرفراوانە بۆ ئەوەی بتوانێ هەموو لایەنەکانی کارە هونەری یەکانی هەلبسەنگێنین. هیوادارم ئەم نوسینە سەرەتایەک بێت بۆ ناساندنی هەرچی زیاتری کارە هونەرییەکانی کین لۆج. کە بەدڵنیایی یەوە پێم وایە بینەرانی کورد زمان، بە تایبەتیش کرێکاران و ستەملێکراوەکان پێویستی یان پێیەتی و زەرورە بە شاکارەکانی کین شاد بن.

- کین لۆج یەکێکە لە قسەکەرانی مارکسیزمی 2006 لە بەریتانیا www.marxism2006.org.uk باسەکەی لە سەر شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا و ، فلیمەکەی ” Land and Freedom “ . http://www.swp.org.uk/resources/kenloach.pdf

- کارە هونەری یەکانی لە تەلەتزیۆن و سینەمادا:

**Filmography**

**Feature films**

1967 Poor Cow

1969 Kes

1971 Family Life

1979 Black Jack

1982 Looks and Smiles

1986 Fatherland

1990 Hidden Agenda

1991 Riff Raff

1993 Raining Stones

1994 Ladybird, Ladybird

1995 Land and Freedom

1996 Carla's Song

1998 My Name is Joe

2000 Bread and Roses

2001 The Navigators

2002 Sweet Sixteen; 11'09'01 - September 11 (segment)

2003 Ae Fond Kiss

2005 Tickets (with Abbas Kiarostami, Ermanno Olmi)

2006 The Wind That Shakes The Barley

**TV**

1962 Z Cars

1964 Telltale (episode: Catherine); Profit By Their Example; The Whole Truth; The Diary of the Young Man (3 x 45min)

1965 Tap on the Shoulder; Wear A Very Big Hat; Three Clear Sundays; Up the Junction; The End of Arthur's Marriage; The Coming Out Party

1966 Cathy Come Home

1967 In Two Minds

1968 The Golden Vision

1969 The Big Flame

1971 The Rank and File; After a Lifetime

1973 A Misfortune

1975 Days of Hope

1977 The Price of Coal

1979 The Gamekeeper

1980 Auditions

1981 A Question of Leadership

1983 The Red and the Blue

1984 Which Side are You On?; Diverse Reports, the Coal Dispute

1988 The View from the Woodpile; Time to Go

1991 Dispatches

1996 The Flickering Flame

1998 Another City